# ئاینده و ئەگەرەکانی پێکهێنانی دادگا تێکەڵاوەکان لە عێراق لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ٢٣٧٩ی ئەنجومەنی ئاسایش (توێژینەوەیەکی یاسایی شیکارییە)

Doi:10.23918/ilic8.03

م. ی. ئازاد عەبدولقادر ساڵح وەڵەدبەگی
مامۆستای یاریدەدەر و لێکۆڵەری دادوەری پێشکەوتوو لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر
azadwaladbagi@gmail.com

# The future and possibilities of the establishment of hybrid courts in Iraq in the light of Security Council Resolution 2379

Asst. Lect. Azad Abdulqader Salih Waladbagi
Assistant Lecture and Advanced Judicial Investigator in Erbil Investigation Court

## پوختە

پاش چەندین ساڵ لە تاوانەکانی داعش دژ بە دانیشتووانی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، سەرەڕای ترسناکیی ئەو تاوانانە، بەڵام هەتا ئێستا هەوڵەکان بە ئاراستەی دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە نەگەیشتووەتە هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەر. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر داوای دەوڵەتی عێراق لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٩/٢١ هەستا بەدەرکردنی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ بۆ دامەزراندنی تیمێکی تایبەت بە کۆکردنەوە و پاراستن و هەڵگرتنی(یونیتاد) ئەو بەڵگانەی کە دەگەنە ئاستی تاوانەکانی جەنگ، تاوانە دژەمرۆییەکان و جینۆساید کە داعش لە عێراقدا ئەنجامی داون. بۆچوونەکان سەبارەت بە ئاینده و ئەگەرەکانی دامەزراندنی دادگایەك بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش خۆی لە چەندین ئەگەری جیاوازدا دەبینێتەوە. بەشێك پێیانوایە، کە دادگا ناوخۆییە عێراقییەکان شایستەتر و باشترن و توانا و لێهاتوویی پێویستیان هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، کە ئەم بۆچوونە پتر لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە پاڵپشتی دەکرێت. هەندێکی تر پێیان باشە، کە دادگایەکی نێودەوڵەتی بەم ئەرکە هەڵبسێت، کە ئەم بۆچوونە پتر لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە کاری بۆ دەکرێت. ئەوان پێیانوایە کە ڕەنگدانەوەی بڕیارەکانی دادگایەکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ئایندەی کێشەی کورد و قەرەبووکردنەوەی تاوانلێکراوان باشتر و بەهێزترە و بۆ ئەم مەبەستە بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە تاوانەکانی ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەنفالی بارزانییەکان و کوردانی فەیلی بە نموونە دەهێننەوە، کە سەرەڕای ئەوەی دادگا ئەو تاوانانەی بە جینۆساید لە قەڵەم داوە، بەڵام هەتا ئێستا تاوانلێکراوان قەرەبوو نەکراونەتەوە و حکومەتی عێراق هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێکی جیدی لەم بارەیەوە نەناوە. لەم نێوانەدا، بۆچوونێکی تری مامناوەند هەیە، کە پێیوایە دامەزراندنی دادگایەکی تێکەڵاو یا بەنێودەوڵەتیکراو بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش ئەگەرێکی نزیکتر و کرداریترە، بەوپێیەی کە لایەنە ئەرێنییەکانی هەر دوو دادگا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لەخۆ دەگرێت و بە ڕێککەوتنێك لەنێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان دێتەئاراوە و خەرجییەکانی لە دادگایەکی نێودەوڵەتی کەمترە و لە شوێنی جوگرافی ڕووداوەکەش نزیکترە. ئەم دادگایانە هەرچەندە لە یاسای نێودەوڵەتیدا نوێن، بەڵام لە ڕابردوودا چەندین نموونەی لەو جۆرە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا هەبووە وەك دادگای تایبەت بە تەیموری ڕۆژهەڵات لە ساڵی ٢٠٠٠، دادگای تایبەت بە سیرالیۆن لە ساڵی ٢٠٠٢، دادگای تایبەت بە لوبنان لە ساڵی ٢٠٠٧، دادگای تایبەت بە کەمبۆدیا لە ساڵی ٢٠٠٧ و دادگای تایبەت بە کۆسۆڤۆ لە ساڵی ٢٠١٥. هەربۆیە، دامەزراندنی ئەو دادگایانە وەك ڕێگاچارەیەکی مامناوەند بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش، ڕەنگە دەرچەیەك بێت بە ئاراستەی گەیشتن بە دادپەروەری. لەم توێژینەوەیەدا، لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ی ئەنجومەنی ئاسایش و پشتبەستن بە نموونەکانی پێشووتری دادگا تێکەڵاوەکان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، ئاینده و ئەگەری دامەزراندن و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم دادگایانە لە عێراقدا دەخەینە بەرباس و توێژینەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** دادگا تێکەڵاوەکان، ئەنجومەنی ئاسایش، بڕیاری ٢٣٧٩، یاسای نێودەوڵەتی، جینۆساید، یونیتاد.

## الملخص

بعد مضي قرابة عقد من الزمن على جرائم داعش بحق الشعب العراقي بشكل عام وإقليم كوردستان بشكل خاص، ورغم خطورة تلك الجرائم والتي تصل الى مصاف الجرائم الدولية الا إن المحاولات بإتجاه محاكمة مرتكبيها لم تصل الى نتائج مرضية. أصدرت مجلس الأمن في الأمم المتحدة وبطلب من الدولة العراقية قرارها المرقم ٢٣٧٩ بتأريخ ٢٠١٧/٩/٢١ لتشكيل فريق تحقيق دولي خاص والذي سميت مختصرا ب(فريق يونيتاد) لجمع وحفظ وخزن الأدلة على الجرائم التي أرتكبها داعش في العراق والتي تصل الى مستوى جرائم الحرب وجرائم ضد الانسانية والإبادة الجماعية.
تتمحور إحتمالات تشكيل المحكمة لمحاكمة متهمي داعش في عدة توجهات، يرى البعض بأن المحاكم العراقية مستحقة وأفضل ولديهم القدرات والكفاءات المطلوبة لأداء هذه المهمة وتدعم هذا التوجه من قبل الدولة العراقية، ويرى فريق اخر أنه من الأفضل قيام محكمة دولية بهذه المهمة، ويدعم هذا التوجه من قبل حكومة إقليم كوردستان وهم يعتقدون إن القرارات التي تصدر عن محكمة الدولية ذوأثر في مستقبل القضية الكوردية وتعويض الضحايا وهم يأخذون قرارات محكمة الجنايات العليا العراقية في جرائم الأنفال، قصف حلبجة بالأسلحة الكيميائية، عمليات ألانفال البارزانيون والكورد الفيليين، كنماذج على الرغم من اعتبار هذه الجرائم وتصنيفها بالإبادة الجماعية من قبل هذه المحكمة، إلا أن الضحايا لم يتم تعويضهم ولم تتخذ الحكومة العراقية خطوات جدية في هذا الصدد.

وهناك توجه معتدل يعتمد على تشكيل محكمة مختلطة أو مدولة لمحاكمة متهمي داعش باعتبارها أنجح وأكثر تاثيرا لكونه يجمع إيجابيات المحاكم الدولية والمحلية، ويتم تشكيلها بإتفاق بين العراق والأمم المتحدة، وتكون قليلة المصاريف مقارنة بالمحاكم الدولية، وتكون قريبة جغرافيا من محل الأحداث. وعلى رغم من حداثة هذه المحاكم في القانون الدولي لكن توجد بعض النماذج في المجتمع الدولي كالمحكمة الخاصة بالتيمور الشرقية في سنة ٢٠٠٠، المحكمة الخاصة بالسيراليون في سنة ٢٠٠٢، المحكمة الخاصة باللبنان في سنة ٢٠٠٧، المحكمة الخاصة بالكمبوديا لسنة ٢٠٠٧ والمحكمة الخاصة بالكوسوفو لسنة ٢٠١٥. لذا فإن تشكيل هذا النوع من المحاكم يعتبر حل مرضي لمحاكمة متهمي داعش ومخرجا لتحقيق العدالة. في هذا البحث وفي ضوء قرار مجلس الأمن المرقم ٢٣٧٩ معززا بنماذج المحاكم المختلطة في المجتمع الدولي، نناقش مستقبل وإحتمالية وعقبات تشكيل هذه المحاكم في العراق.

**الكلمات المفتاحية:** محاكم المختلطة، مجلس الأمن، قرار ٢٣٧٩، قانون الدولي، الإبادة الجماعية، يونيتاد.

## Abstract

Despite the extensive crimes committed by ISIS against the citizens of Iraq, including the Kurdistan Region, the ongoing efforts to hold the perpetrators accountable and achieve justice have not yielded satisfactory outcomes. On September 21, 2017, the United Nations Security Council, in response to a request from the Iraqi government, issued Resolution 2379. This resolution called for the establishment of a committee tasked with the collection, protection, and archiving of evidence pertainin (UNITAD) to the commission of war crimes, crimes against humanity, and genocide by the Islamic State of Iraq and Syria (ISIS) within the country. There exist multiple potential scenarios pertaining to the future prospects and likelihood of establishing a judicial tribunal for the prosecution of those affiliated with ISIS. There is a prevailing belief that the local Iraqi courts possess a commendable level of competence, merit, and capacity, a viewpoint primarily endorsed by the Iraqi government. Another potential scenario involves the involvement of an international court, a proposition primarily backed by the Kurdistan Regional Government (KRG).

The KRG holds the belief that the decision rendered by an international court carries greater weight and will have a more profound impact on the prospects of the Kurdish people and the provision of reparations to the victims. According to the Kurds, the Iraqi High Court of Crimes has identified the Anfal, gassing of Halabja, Barzani Anfal, and Kurdish Faili Anfal as instances of genocide. However, the Government of Iraq (GOI) has not taken substantial measures to provide compensation to the victims.

There exists an alternative perspective that posits that the establishment of a hybrid court comprising both local and international expertise represents a more rational and feasible approach to prosecuting individuals affiliated with ISIS. This court is expected to incorporate favorable attributes from both domestic and international courts, and its establishment will be facilitated through a bilateral agreement between the GOI and the UN. An additional advantageous aspect pertains to the hybrid court's reduced financial burden and its proximity to crime-ridden areas.

This particular type of court is a recent development in the field of international law, although there have been multiple instances of its establishment. Notable examples include the court established for East Timor in 2000, Sierra Leone in 2002, Lebanon in 2007, Cambodia in 2007, and the court established for Kosovo in 2015. Therefore, the establishment of a court as an intermediary measure to prosecute individuals affiliated with ISIS could serve as a potential opportunity for achieving justice.

This study aims to examine and evaluate the potential establishment of mixed courts in Iraq, taking into consideration the provisions of Resolution 2379 of the Security Council and drawing upon relevant precedents of similar courts in the international community. The focus will be on analyzing the future prospects of these courts and the obstacles they may encounter in Iraq in the future.

The subject under discussion pertains to the establishment of mixed courts, as outlined in the United Nations Security Council Resolution 2379, which aims to address matters related to international law, particularly those concerning genocide. The resolution emphasizes the importance of collaboration among nations in order to effectively combat such heinous crimes against humanity.

**Keywords:** Hybrid Court, Security Council, Resolution 2379, International Law, Genocide, UNITAD.

## پێشەكی

بیرۆكەی دامەزراندنی مەرجەعێكی سزایی نێودەوڵەتی بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانەی كە دەبنە هۆی برینداربوونی هەستی مرۆڤایەتی، هەر لە كۆنەوە ئارەزوو و خواستی گەلێك لە مرۆڤدۆستان و یاساناسان بووە. هەرچەندە لەساڵی ٢٠٠٢ەوە دادگای نێودەوڵەتی تاوان وەك مەرجەعێكی هەمیشەیی سزایی دامەزراوە، بەڵام ئەزموونی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ دادگاییكردنی ئەنجامدەرانی تاوان تەنیا تایبەت نیە بەم دادگایە. دادوەریی سزایی نێودەوڵەتی، سێ قۆناغی گەشەكردنی بڕیوە و لە هەر قۆناغێكدا سەرچاوەی دروستبوونی ئەو دادگایانە جیاواز بوون. قۆناغی یەكەم، پاش جەنگی جیهانی یەكەمە كە رێككەوتننامەی ڤێرسای بووە سەرچاوەی ئەو دادگایەی كە هەستا بە دادگاییكردنی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و هەندێكی دیكە لە تاوانبارانی جەنگ. قۆناغی

دووەم، پاش جەنگی جیهانی دووەمە و بە پێکهێنانی هەر دوو دادگای نۆرمبێرگ و تۆکیۆ هاتەئاراوە. بەڵام لە قۆناغی سێیەم، کە پاش جەنگی سارد هاتەئاراوە بینەری ئەوە بووین کە پێشکەوتنێکی بەرچاو لە بواری دادوەریی سزایی نێودەوڵەتی سەریهەڵدا و سێ جۆر لە دادگا پێکهاتن کە بریتین لە:

١- دادگا تایبەتییە کاتییەکان، کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دامەزران وەك دادگاکانی یۆگۆسلاڤیا و رواندا لەساڵانی ١٩٩٣ و ١٩٩٤.

٢- دادگای نێودەوڵەتی تاوان، کە لەساڵی ١٩٩٨ بەگوێرەی رێککەوتننامەی رۆما دامەزرا.

٣- دادگای تێکەڵاوی نێودەوڵەتی وەك دادگاکانی کەمبۆدیا و لوبنان و کۆسۆڤۆ و هتد.[1]

لەرووی تیۆرییەوە، بەدیهێنانی دادپەروەری و دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش خۆی لە چوار بژاردەدا دەبینێتەوە کە بریتین لە: دادگای نێودەوڵەتی تاوان و دادگای تایبەتی نێودەوڵەتی، دادگای تێکەڵاوی نێودەوڵەتی و دادگای نیشتمانی، بەڵام هەر یەك لەم بژاردانە پێویستیان بە ژینگەیەکی لەباری سیاسی و یاسایی و هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە و، بە کردەوە کۆمەڵێك ئاستەنگ و رێگریی لەبەردەمیاندا دروست دەبن.

**گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بیرۆکەیەکی نزیکتر لە واقیع دەخاتەڕوو بۆ بەرچاوڕوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی پێکهێنانی دادگایەکی تێکەڵاوی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ساناتر و خێراتر پرۆسەی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش جێبەجێ بکرێ و دادگەری دەرهەق بە تاوانلێکراوان بێتەدی.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

– خستەڕووی واتا و رۆڵی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان و باسکردنی ئەو نموونانەی کە پێشتر لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا هەبووە.

– باسکردنی ئاییندە و ئەگەرەکانی پێکهێنانی ئەم دادگایانە لە عێراق سەبارەت بە تاوانەکانی داعش، کە لەم وڵاتەدا ئەنجامدراون لەبەر رۆشنایی بریاری ٢٣٧٩ی ئەنجومەنی ئاسایش.

**گریمانەی توێژینەوەکە**

گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە باشترین و گونجاوترین میکیانیزم بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش بە سەرنجدان لە هەلومەرجی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی پێکهێنانی دادگایەکی تێکەڵاوی نێودەوڵەتییە.

**چوارچێوەی توێژینەوەکە**

چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لەو تاوانانەی داعش کە لە سنووری جوگرافیایی دەوڵەتی عێراقدا ئەنجامی داون و، دەکەونە ژێر سەروەریی ئەم دەوڵەتە و لەهەمان کاتدا تاوانەکان رەهەندێکی نێودەوڵەتییان هەیە.

**میتۆدە پەیڕەوکراوەکان**

لەم توێژینەوەیەدا، بۆ باسکردن لە پێناسە و بنەما یاساییەکانی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان پشت بە میتۆدی وەسفی دەبەستین. لەهەمان کاتدا، بۆ بەراوردکردنی جیاوازیی ئەم دادگایانە لەگەڵ دادگا نێودەوڵەتییەکانی دیکە پشت بە میتۆدی بەراوردکاریی و، بۆ شیکردنەوەی ئاییندە و ئەگەرەکانی پێکهێنانی ئەم دادگایانە لە عێراق پشت بە میتۆدی شیکاریی دەبەستین.

**پلانی توێژینەوەکە**

سەبارەت بە پلانی توێژینەوەکە، ئەم توێژینەوەیە بە سەر دوو بەشدا پۆلێن دەکەین، لەبەشی یەکەم باس لە پێناسە و بنەمای یاسایی دامەزراندنی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان دەکەین و، لەبەشی دووەم ئاماژە بە بریاری ٢٣٧٩ و ئاییندە و ئەگەرەکانی پێکهێنانی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان لە عێراقدا دەکەین و، هەر بەشێك بەسەر چەند لقێکدا دابەش دابێت و لە کۆتاییشدا، ئەنجام و راسپاردەکان دەخەینەڕوو.

**١. پێناسە و بنەمای یاسایی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان**

ئەم بەشە بەسەر سێ لقدا دابەش دەبێت، لە لقی یەکەم تیشك دەخەینە سەر پێناسەی یاسایی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان، لە لقی دووەم ئاماژە بە بنەمای یاسایی دامەزراندنی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان دەکەین و لقی سێیەم تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی چەند نموونەیەك لە دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان.

**١-١. پێناسەی یاسایی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان**

یەکێك لەو رێکارانەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان و گەیشتن بە دادپەروەری گرتیەبەر، پێکهێنانی دادگاکانی وەچەی سێیەم بوو کە بە ناوی جۆراوجۆری وەك دادگا تێکەڵاوەکان، دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتی-لۆکاڵییەکان،[2] تێکەڵاوی نێودەوڵەتی،[3]

---

(١) د.یوسف حسن یوسف، المحكمة الدولية، الطبعة الاولى، المركز القومي للاصدارات القانونية، القاهرة، ٢٠١١، ص ٣.

(2) Mixed International Domestic Tribunal.

(3) Hybrid or Mixed Tribunal.

هایبرید،[١] بەنێودەوڵەتیکراو،[٢] نیشتمانی-نێودەوڵەتی[٣] ناو دەبرێن، کە لەڕووی ژمارەوە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی زیاترین ژمارەی دادگاکان لەخۆدەگرێت.[٤] ئەم دادگایانە، بەوە پێناسە دەکرێن کە لەڕێگای رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لەنێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە دروست دەبێت و، لە دەستەیەکی هاوبەشی تێکەڵاو لە دادوەرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پێکدێت کە خاوەن دەسەڵاتی دادوەرین. ئەم دادگایانە، بەپێی دەسەڵاتەکانیان مافی دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تاوانە ترسناکەکانی لەجۆری جینۆساید، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگیان هەیە، واتە هەر دوو رەگەزی دادوەریی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییان تێدایە.[٥] بەگشتی، ئەم دادگایانە لە دۆخی دوای ململانێ سەرهەڵدەدەن ئەو کاتەی کە دادگا نیشتمانییەکان ناتوانن متمانەی پێویست بە دەست بهێنن و، کە توانا ناوخۆییەکان بەس نین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانە ترسناکانەی کە روویانداوە. جگەلەمەش، ئەم دادگا تێکەڵاوانە دەتوانن ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی دادپەروەری لە کەلتووری ناوخۆییدا جێگیر بکەن، بە جۆرێك کە دەتوانن دادپەروەری تۆڵەسەندنەوە تێپەڕێنن و کەلتووری لێپرسینەوە پەروەردە بکەن.[٦]

پاش ئەو رەخنانەی کە ئاراستەی دادگاکانی تایبەت بە یوگوسلاڤیا و رواندا کران، ئەمجۆرە نوێیە لە دادگاکان لە سیستەمی دادوەریی نێودەوڵەتیدا هاتنەئاراوە، کە کۆکەرەوەی هەر دوو تایبەتمەندیی دادگا سزاییە نێودەوڵەتییەکان و دادگا ناوخۆییەکانە، چ لەڕووی میکانیزمی پێکهێنان و چ لەڕووی ئەو تاوانانەی کە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیان. ئەم دادگایانە سەر بە دەسەڵاتی دادوەری ئەو دەوڵەتەن، کە تاوانەکە لەسەر خاکەکەی روویداوە و جۆرێك لە سەربەخۆییان هەیە و بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان دادەمەزرێن.[٧] سەرەڕای ئەو لێکچوونەی لەنێوان ئەم دادگایانەدا هەیە، بەڵام لەڕووی شێوازی دامەزراندنەوە جیاوازن بۆ نموونە دادگای کەمبۆدیا و دادگای تایبەتی سیرالیۆن بە رێککەوتنێك لەنێوان ئەو دەوڵەتانە و نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزران و، هەندێکی تریش وەك دادگای تەیمووری رۆژهەڵات بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش دامەزران.[٨]

### ١-٢. بنەمای یاسایی دامەزراندنی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان

لەم دواییانەدا، دادگا تێکەڵاوەکان وەك بەشێکی گرنگی سیاسەتی گەشەکردنی دادپەروەریی راگوزاریی ناوبانگێکی زۆریان بەدەستهێناوە، کە لە بارودۆخی جۆراوجۆر بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییە جیاوازەکان دامەزراون، بۆ ئەوەی لە پاشخانی سیستەمێکی نیشتمانیی لاوازدا، رووبەڕووی ئاڵنگارییەکانی دادگاییکردنی تاوانە بەکۆمەڵەکان و دۆسیە هەستیارە سیاسییەکان ببنەوە.[٩]

هۆکارەکانی پێکهێنانی ئەم دادگایانە لەڕوانگەی ناوخۆییەوە بریتیین لە: بێتوانایی یا حەزنەکردنی دەسەڵاتی دادوەریی ناوخۆیی بۆ دادگاییکردنێکی کاریگەر و دادگەرانە، پارێزبەندیی سەرانی دەوڵەتان لە دادگا ناوخۆییەکان، پەرەسەندنی ناکۆکی و ئاڵۆزییە ناوخۆییەکان لە ئەگەری دەستوەردانی دادگا نیشتمانییەکان و بوونی بەربەستی یاسایی بۆ دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە دادگا ناوخۆییەکان. لەڕوانگەی نێودەوڵەتیشەوە، هۆکاری دامەزراندنی ئەم دادگایانە بریتیین لە: سنوورداربوونی دەسەڵاتەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (لە رووی هەرێمیی، کات و بابەتیی) و حەزنەکردنی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دامەزراندنی دادگا تایبەتییە نێودەوڵەتییەکان.[١٠]

لە پێکهێنانی ئەم دادگایانەدا، هەروەك دادگا نێودەوڵەتییەکانی تر لەوانەش دادگای نێودەوڵەتی تاوان یا دادگای ئەورووپی مافی مرۆڤ، بنەما سەرەکییەکانی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە و سەربەخۆ و بێلایەن لەبەرچاو دەگیرێت. هەروا ئەم دادگایانە، خاوەن بنەما و رێوشوێنێکی دیار و نووسراوی دادگاییکرنن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانیان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی گەرەنتی دەکرێن.[١١] تایبەتمەندیی سەرەکی ئەمجۆرە دادگایانە ئەوەیە، کە کۆکراوەیەکن لە دادوەرانی نێودەوڵەتی و دادوەرانی ناوخۆیی، هەروەك چۆن ئەو یاسایەش کە جێبەجێ دەکرێ تێکەڵاوێکە لە یاسای نێودەوڵەتی و یاسای نیشتمانی. بۆ نموونە دادگای تایبەت بە لوبنان بۆ دادگاییکردنی بکوژانی رەفیق حەریری، لە دادوەرانی نێودەوڵەتی و لوبنانی پێکهاتبوون.[١٢]

---

(1) Hybrid.

(2) Internationalized.

(3) National-International.

(٤) احمد رضا توحیدی، تحول و تکامل حقوق بین الملل کیفری (جلد اول) از جنط جهانی اول تا دیوان بین الملل کیفری، مرکز مطبوعات و انتشارات قوة قضائیه، تهران، ١٣٩٩، صص ٢١٧-٢١٨.

(٥) د.عامر عبدالفتاح الجومرد ود.عبدالله علي عبو، المحاكم الجنائية المدولة، الرافدين للحقوق، مجلد ٨، السنة الحادية عشرة، عدد ٢٩، ٢٠٠٦، ص ١٨٣.

(6) Etelle R.Higonnet, Restructuring Hybird Courts: Local Empowerment and National Criminal Justice Reform, Arizona Journal of International & Comparative Law Vol. 23, No. 2, 2006, p.350-354.

(٧) قهرمان عثمان محمود وبريار شيركو عبدالكريم بابان، دور مجلس الامن في محاكمة اعضاء داعش، مجلة قه لآی زانست العلمية، المجلد (٥)، العدد (٢)، اربيل، ربيع ٢٠٢٠، صص ٢٩٩-٣٠٠.

(٨) امیر حسین رنجبریان و مهدیة ملك الكتاب خیابانی، دادطا ویذة سیرالئون: فرایند تشکیل، صلاحیت و مقابلة با بی کیفرمانی، مجلة حقوقی بین المللی، سال بیست و هفتم، شمارة ٤٣، تهران، ١٣٨٩، صص ١٢٥-١٢٦.

(9) Office of the United Nations High Commissioner for Human Rights (OHCHR), Rule-Of-Law Tools For Post-Conflict States Maximizing the legacy of hybrid courts, New York and Geneva, 2008, p.3.

(١٠) حسین میرمحمد صادقي و علی رحمتی، دلایل و مبانی حقوقی تاسیس دادطاةهای کیفری مختلط (بین المللی شدة) از منظر داخلی و بین المللی، مجلة ثذوهش حقوق کیفری، سال هفتم، شمارة بیست و ثنجم، زمستان ١٣٩٧، ص ٢٩٩.

(١١) شهلا معظمی و ثیمان نمامیان، نسل سوم محاکم کیفری بین المللی دستاوردها، هنجارها و ضالش ها، مجلة ثذوهش حقوق کیفری، سال سوم، شمارة یازدهم، تهران، تابستان ١٣٩٤، ص ١١٤.

(١٢) محمدامين المهدي، المدخل لدراسة القانون الدولي الجنائي، دارالنهضة العربية، القاهرة، ٢٠١١، ص ٥١.

بە شێوەیەکی گشتی، چوار شێواز بۆ دامەزراندنی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان هەیە. شێوازی یەکەم، بە گرێبەستێك لەنێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو دەوڵەتەی کە تاوانی تێدا ئەنجامدراوە دادەمەزرێت وەك دادگاکانی سیرالیۆن و کەمبۆدیا و لوبنان. شێوازی دووەم، لە ئەنجامی رێککەوتن لەنێوان رێکخراوێکی نێودەوڵەتی و ئەو دەوڵەتەی کە تاوانی تێدا ئەنجامدراوە دادەمەزرێت وەك لقە تایبەتەکانی دادگای سنگاڵ کە لەنێوان دەوڵەتی سنگاڵ و یەکێتیی ئەفریقا هاتەئاراوە، کە بنەمای دامەزراندنی هەر دوو جۆری ئەم دادگایانە بە بنەمای رێککەوتننامەیی ناو دەبرێن. شێوازی سێیەم، بریتییە لە بڕیاری راستەخۆی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بە بێ هیچ رێککەوتنێك دێتەئاراوە وەك دادگای تایبەت بە تەیمووری رۆژهەڵات و کۆسۆڤۆ. شێوازی چوارەم، وەك بەشێك لە بەڵێنەکانی دەوڵەتی داگیرکەر و بەپێی یاسای ناوخۆیی ئەو دەوڵەتەی کە تاوانی تێدا ئەنجامدراوە دادەمەزرێت، چونکە هەندێك لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە پەیڕەو و پێکهاتە و دامەزراندنی ئەم دادگایانەدا رەچاو کراون، کە دەتوانین دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەم ریزبەندییە دابنەین.[1]

### ١-٣. چەند نموونەیەك لە دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان

بە مەبەستی باسکردنی ئەو ئەزموونانەی کە لە بواری دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا هەبووە، لێرەدا تیشك دەخەینەسەر سێ نموونەی جیاوازی ئەم دادگایانە کە لەڕووی شێوازی دامەزراندن و هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە جیاوازن، کە بریتین دادگاکانی کەمبۆدیا، کۆسۆڤۆ و سیرالیۆن.

#### ١-٣-١. دادگای کەمبۆدیا

بە مەبەستی دیاریکردنی ناوەڕۆکی ئەو تاوانانەی کە لەلایەن رێبەرانی خمێری سوور لەنێوان ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٧٩ لە کەمبۆدیا روویاندابوو، گفتوگۆ لەنێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و کەمبۆدیا لەساڵی ١٩٩٧ دەستی پێکرد. لەو سەردەمەدا، نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی کەمبۆدیا داواکارییەکی پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد بۆ هاوکاریکردنیان بە مەبەستی دادگاییکردنی بەرپرسانی ئەو تاوانانەی کە لەو وڵاتەدا ئەنجامدرابوون. پاش ئەم داواکارییە، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەمووزی ١٩٩٨ کۆمیتەیەکی دیاریکرد بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخەکە و ئەگەری دادگاییکردنی سەرانی خمێری سوور لە دادگایەکی نیشتمانی یا نێودەوڵەتی. کۆمیتەکە لە راپۆرتی خۆیدا، پێشنیاری دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی کرد و هۆکارەکەشی بۆ سەربەخۆنەبوونی دەسەڵاتی دادوەری کەمبۆدیا گەڕاندەوە. دەوڵەتی کەمبۆدیا ئەم پێشنیارەی پەسند نەکرد و، جەختی لەسەر بەشداریی نیشتمانی کردەوە و بە بێ ئەوەی چاوەڕێی رێککەوتن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ خۆی تاکلایەنە لە کانوونی دووەمی ٢٠٠١ یاسایەکی دەرکرد بۆ دامەزراندنی بەشە تایبەتەکان، کە تێیدا ئەم بەشانەی لەناو سیستەمی دادوەریی ناوخۆییدا جێگیرکرد. گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا بەهۆی ناکۆکییەکانەوە راگیرا و نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ٢٠٠٢ لە گفتوگۆکان کشایەوە، بەڵام بە هۆی گوشاری چەند دەوڵەتێك گفتوگۆکان سەرلەنوێ دەستیان پێکردەوە و، ئەنجامەکەشی دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بوو لەناو سیستەمی دادوەریی کەمبۆدیا، کە بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان و بە هاوکاریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کاری دەکرد. ئەم رێککەوتنە لە ٢٠٠٣/٥/٢٢ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسندکرا و لە ٢٠٠٣/٦/٦ لەلایەن هەردوولاوە واژۆکرا. لە ٢٠٠٤/١٠/١٧ یاسایەك لەژێر ناوی (یاسای دامەزراندنی هۆبە تایبەتەکان لە دادگاکانی کەمبۆدیا) بۆ بەدواداچوونی تاوانەکانی سەردەمی حکومەتی دیموکراتی کامپۆچی لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە پەسندکرا.[2] لەڕووی دەسەڵاتی هەرێمیی دادگاوە، ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە لەچوارچێوەی دەوڵەتی کەمبۆدیادا روویانداوە. هەروەها لەڕووی کاتەوە، ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە لە ١٩٧٥/٤/١٧ هەتا ١٩٧٩/١/٦ روویانداوە. لەڕووی دەسەڵاتی بابەتییەوە ئەم تاوانانە دەگرێتەوە: تاوانەکانی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ، پێشێلکردنی رێککەوتنی جنێڤ ١٩٤٩، کوشتن و ئازار و ئەشکەنجە بەپێی یاساکانی کەمبۆدیا، لەناوبردنی سامانە کەلتوورییەکان بەپێی رێککەوتنی لاهای ١٩٥٤ و تاوان دژ بەو تاکانەی لەژێر پاراستنی نێودەوڵەتیدان.[3] دادگا تەنیا دەتوانێت دوو پۆلی تۆمەتباران دادگایی بکات کە بریتین لە: سەرکردە باڵاکانی کامپۆچیای دیموکراتی و ئەو کەسانەی کە زۆرترین بەرپرسیارێتییان لە پێشێلکارییە قورسەکانی یاسای نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا هەبووە.[4]

#### ١-٣-٢. دادگای کۆسۆڤۆ

پاش کشانەوەی سربیا و دەست تێوەردانی ناتۆ لە کۆسۆڤۆ لە ئازاری ١٩٩٩، هیچ دەسەڵاتێکی حوکمی لەو هەرێمە لەئارادا نەبوو، هەربۆیە بۆشایی دەسەڵات دروست بوو و ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی بەندی حەوتەم لە چارتی UN دەسەڵاتی بە سکرتێری گشتی دا ئیدارەیەکی کاتی لە کۆسۆڤۆ دابمەزرێنێت و، نوێنەری سکرتێری گشتی بەرپرس بوو لە تەواوی حوکمڕانی هەرێمەکە هەتا دۆخی کۆسۆڤۆ یەکلایی دەبێتەوە.[5]

---

(١) حسين ميرمحمد صادقي و علي رحمتي، همان منبع، صص ٣١٨-٣١٩.

(٢) بهزاد رضوی فر و محمد فرجي، تشكيل دادطا بين المللى شده (مختلط) كامبوج، مبانى و ضالش ها، مجلة حقوقى بين المللى، دوره سى و ضهارم، شمارة ٥٧، ثاييز- زمستان ١٣٩٦، صص ٣١٧-٣١٨. هتروا كريانطساك كيتيضايسارى، حقوق كيفرى بين المللى، ترجمة: حسين اقايى جنت مكان، انتشارات دانشور، تهران، ١٣٨٢، ص ٩٤.

(٣) د.عامر عبدالفتاح الجومرد ود.عبدالله علي عبو، المصدر السابق، صص ١٩٩-٢٠١.

(4) Introduction to the EEEC, please visit this website: https://www.eccc.gov.kh/en/introduction-eccc/lastvisited: 5/8/2023.

(5) Sarah M.H.Nouwen, 'Hybrid courts' The hybrid category of a new type of international crimes courts, Utrecht Law Review, Volume 2, Issue 2 (December) 2006, p.196.

ژووره پسپۆڕییەکانی کۆسۆڤۆ[1] وەك دەزگایەکی دادوەریی کاتی لەلایەن یەکێتیی ئەورووپاوە دامەزران بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێ سزایی، دڵنیابوون لە دادپەروەری بۆ قوربانیان، بەرەو پێشبردنی پرۆسەی بنیاتنانی نیشتمانی لە کۆسۆڤۆ و هەموو ناوچەکەدا. پاش بڵاوبوونەوەی راپۆرتی مارتی، پێویستیی دامەزراندنی دادگایەکی تێکەڵاو هاتەئاراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە لەلایەن سوپای رزگاریخوازی کۆسۆڤۆوە ئەنجامدرابوون.[2]
مارتی راپۆرتەکەی خۆی لە کانوونی دووەمی ٢٠١٠ پێشکەشکرد و ئەنجومەنی پەرلەمانی ئەورووپا لە ٢٠١١/١/٧ راپۆرتەکەی پەسندکرد و پێشنیاری کرد کە لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکان بکرێت. بەگوێرەی دەستووری کۆسۆڤۆ، نوێنەری یەکێتیی ئەورووپا و سەرۆکی کۆسۆڤۆ رێککەوتنێکیان واژۆ کرد بۆ دامەزراندنی ژووری پسپۆڕیی بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان. رێککەوتنەکە لە نیسانی ٢٠١٤ لەلایەن ئەنجومەنی کۆسۆڤۆوە پەسندکرا و پاشان یاسای ژووره پسپۆڕییەکان و فەرمانگەی داواکاری گشتی دەرچوو، ئینجا لە کانوونی دووەمی ٢٠١٦ رێککەوتنێك لەگەڵ هۆڵەندا واژۆکرا بۆ جێگیرکردنی دادگاکە لە لاهای. ئەم دادگایە، لە تاوانی دژەمرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە بەرێوەبردنی دادپەروەری کە لەنێوان ١٩٩٨/١/١ هەتا ٢٠٠٠/١/٣١ لە کۆسۆڤۆ ئەنجامدراون دەکۆڵێتەوە.[3]

**١-٣-٣ دادگای سیرالیۆن**

هۆکاری دامەزراندنی ئەم دادگایە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاوانانەی کە لەنێوان ساڵانی ١٩٩١–٢٠٠١ لە سیرالیۆن روویانداوە. ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی بڕیاری ١٣١٥ لە ٢٠٠٠/٨/١٤ داوای لە سکرتێری گشتی کرد کە لەگەڵ دەوڵەتی سیرالیۆن گفتوگۆ بکات بۆ ئەنجامدانی رێککەوتنێك بۆ پێکهێنانی دادگایەکی تایبەت.[4] هەروا لە ٢٠٠٠/٦/١٢ ئەحمەد تیجان کابا سەرۆککۆماری سیرالیۆن، نووسراوێکی ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد بە مەبەستی دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە و لە ٢٠٠٢/١/١٦ رێککەوتنێك لەنێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتی سیرالیۆن واژۆکرا بۆ پێکهێنانی دادگایەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.[5] سەبارەت بە دەسەڵاتی بابەتیی ئەم دادگایە، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، پێشێلکردنی رێساکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و ئەو تاوانە تایبەتیانە دەگرێتەوە کە لە یاساکانی سیرالیۆندا هاتوون. هەروا سەبارەت بە دەسەڵاتی کاتیی دادگا لە ١٩٩١/٣/٢٣ هەتا ١٩٩٦/١١/٣٠ و کانوونی دووەمی ١٩٩٩ دەگرێتەوە. سەبارەت بە دەسەڵاتی کەسیی، ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە بەرەی رزگاریخوازی یەکگرتوو خاوەنی زیاترین بەرپرسیارێتین لەو تاوانانەی کە ئەنجامدراون.[6]

ئەزموونی ئەم دادگایانە، ئامرازێکی گرنگ بوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی و رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە بۆ جەختکردنەوە لەسەر پابەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەرەپێدانی یاسای سزای نێودەوڵەتی. لەلایەکیترەوە، ئەم ئەزموونانە جگە لە رێزگرتن لە سەروەریی دەوڵەتان، بوونە هۆی جۆرێك لە تێکەڵکردنی پێشکەوتنەکانی یاسای سزای نێودەوڵەتی لەگەڵ یاسا ناوخۆییەکان، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی نوێیە بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان و گەیشتنی تاوانلێکراوان بە دادپەروەری.

**٢. بڕیاری ٢٣٧٩ و ئاینده و ئەگەر و ئاستەنگەکانی پێکهێنانی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان لە عێراق**

ئەم بەشە بەسەر دوو لقدا دابەش دەکەین، لە لقی یەکەم ئاماژە بە تاوانەکانی داعش و بڕیاری ٢٣٧٩ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکەین و، لە لقی دووەم تیشك دەخەینەسەر ئاینده و ئەگەر و ئاستەنگەکانی پێکهێنانی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان لە عێراق لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ٢٣٧٩.

**٢-١. تاوانەکانی داعش و بڕیاری ٢٣٧٩ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی**

پاڵپشتیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی رێکخراوی داعش بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ٢١٧٨ لە ساڵی ٢٠١٤ەوە دەست پێدەکات، ئەویش بە دانانی قەدەغەی گەشت دژ بە شەڕکەرانی بیانی داعش بۆ ناوچە جەنگییەکانی عێراق و سووریا، کە پاشان ئەم هەنگاوە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆری بەدواداهات.[7] بێگومان، بەشێکی زۆری ئەو تاوانانەی کە داعش پێی هەڵساوە لەگەڵ

(1) The Kosovo Specialist Chambers.

(2) Maria Stefania Cataleta, The Kosovo Specialist Chambers, an International Tribunal Inside the National Judicial System, Journal of International Criminal Law, Vol. 3, 2022, p.4.

(3) KOSOVO SPECIALIST CHAMBERS & SPECIALIST PROSECUTOR'S OFFICE, The Kosovo Specialist Chambers in a Nutshell, please visit this website: efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://www.scp-ks.org/sites/default/files/public/content/220819_ksc_in_a_nutshell_a5_eng_online.pdf/last visited: 9/8/2023.

(٤) د.سماتي حكيمة، المحكمة الخاصة لسيراليون كالية لتجسيد مفهوم العدالة الانتقالية، المجلة الجزائرية للعلوم القانونية، السياسية والاقتصادية، المجلد: ٥٧، العدد: ٠١، ٢٠٢٠، ص ٢٠٥.

(٥) احمد رضا توحيدى، همان منبع، صص ٢٢١-٢٢٣.

(٦) سارا بلخى و فريدة ازادبخت، محاكم كيفرى بين المللى: بررسى دادطاة ويذة سيراليون: مبانى، دستاوردها و ضالشها، انتشارات نيسا، تهران، ١٣٩٣، صص ٢٥٧-٢٦٣. ايضا ناظور نجاة، المحاكم الجنائية الدولية الخاصة سيراليون نموذجا، رسالة ماستر، المركز الجامعي الونشريسي (تيسمسيلت)، الجزائر، ٢٠١٧-٢٠١٨، صص ٧٠-٧١.

(٧) طيبة جواد حمد المختار، دور اللجنة الدولية للصليب الاحمر في تنفيذ قرار مجلس الامن رقم ٢٣٧٩ لعام ٢٠١٧، مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانية، المجلد ٣٠، العدد ٤، ٢٠٢٢، ص ١١٤.

زۆربەی ئەو شێوازانەی تاوانی جینۆساید دەگونجێ، کەمەبەستی لەناوبردنی تەواوەتی یا لاوەکی کۆمەڵێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، رەگەزی و ئاینییە، کە ئەمەش دەرهەق بە ئێزیدییەکان، کریستیان، شەبەك و کەمینەکانی تر ئەنجامدراون.(١)

لەلایەکیترەوە، لە رێکەوتی ٢٠١٧/٩/٢١ ئەنجومەنی ئاسایش بریاری ٢٣٧٩ی دەرکرد کە وێڕای رێزگرتن لە سەروەریی و سەربەخۆیی عێراق و ئاماژەکردن بەوەی، کە رێکخراوی داعش هەڕەشەیە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، رەفتارەکانی ئەو رێکخراوەی ئیدانەکرد. هەروا بریارەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەم کردەوانە گەیشتوونەتە ئاستی تاوانەکانی جینۆساید، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ. هەربۆیە، ئەنجومەنی ئاسایش پێشوازی دەکات لەو نووسراوەی کە حکومەتی عێراق لە ٩/ئاب/٢٠١٧ ئاراستەی سکرتێری گشتی و ئەنجومەنی ئاسایشی کردووە و داوای هاوکاری لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردووە بۆ گەرەنتیکردنی لێپرسینەوە لە ئەندامانی داعش لەو تاوانانەی کە لە عێراق ئەنجامیانداوە. بەپێی بریارەکە، داوا لە سکرتێری گشتی کراوە تیمێکی لێکۆڵینەوەی تایبەت (یونیتاد) بە سەرۆکایەتی راوێژکارێکی تایبەت پێك بهێنێت بۆ پاڵپشتی کردنی ئەو هەوڵە لۆکاڵیانەی کە دراون بۆ لێپرسینەوە لە رێکخراوی داعش لەرێگای کۆکردنەوە و پاراستن و هەڵگرتنی بەڵگەکان لە عێراق لەو کردارانەی کە دەگەنە ئاستی تاوانەکانی جینۆساید، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، بۆ گەرەنتیکردنی بەکارهێنانی ئەم بەڵگانە بە شێوازێکی بەربڵاو لەبەردەم دادگا نیشتمانییەکان و تەواوکردنی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەسەڵاتدارانی عێراقی پێی هەڵدەستن یا خود ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەسەڵاتدارانی وڵاتێکی سێیەم پێی هەڵدەستن لەسەر داوای ئەوان. هەروا تیمی لیکۆڵینەوە، وێڕای جەختکردنەوە لە کەڵکوەرگرتن لە دادوەران و پسپۆڕانی سزایی عێراقی لەپاڵ پسپۆڕانی نێودەوڵەتی، جەخت لەوەش دەکاتەوە، دەبێ ئەو بەڵگانەی کە تیمەکە کۆی دەکاتەوە لە کۆتاییدا لەچوارچێوەی رێکارێکی سزایی دادپەروەرانە و سەربەخۆ کە دادگا نیشتمانییە پسپۆڕەکان پێی هەڵدەستن بەکاربێت، بە جۆرێك کە هاورێك بێت لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی باو. دەسەڵاتدارانی عێراقی تایبەتمەند وەرگری سەرەکی ئەم بەڵگانەن بەو جۆرەی کە لە تایبەتمەندییەکانیاندا دیاریکراوە، هەروەها هەر بەکارهێنانێکی تر بۆ هەر حاڵەتێك بە جیاواز بە رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئەنجام دەدرێت.(٢)

بریارەکە لە برگەی پێنجەمی خۆیدا، رێگەی داوە بەڵگەکان بە رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای ئەو کەیسانەی کە دیاریکراون بەکاربێن. هەندێ کەس ئەو زمانەیان بەوە لێکداوەتەوە، کە واتای بەکارهێنانی بەڵگەکانە لە دادگایەکی نێودەوڵەتی یا دادگایەکی تێکەڵاو (وەك دادگاکانی بۆسنیا، کەمبۆدیا، کۆسۆڤۆ و هتد)، کە داوەران و پسپۆڕانی عێراقی و نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرێت.(٣)

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە رێکەوتی ٢٠١٨/٧/١٣ (کەریم ئەسعەد ئەحمەدخان)ی وەك راوێژکاری تایبەت و یەکەم سەرۆکی تیمەکە دیاریکرد و لە رێکەوتی ٢٠١٨/٨/٢٠ تیمەکە بە فەرمی دەستبەکار بوو و لە ٢٠١٨/١٠/٢٠ پێکهاتە سەرەتاییەکانی تیمەکە گواسترانەوە بۆ بەغداد و هەتا ئێستا لەسەر کارەکەی بەردەوامە.(٤)

دوای دەستبەکاربوونی یونیتاد، حکومەتی هەرێم بە فەرمانی ژمارە (٤٣٧٠) لە ٢٠١٨/٩/٣ کە ئاراستەی (لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی تر)ی کردووە، داوایکردووە کار و هاوئاهەنگی تەواو بکەن لەگەڵ یونیتاد لەچوارچێوەی یاداشتنامەیەکی لەیەکگەیشتن بۆ گەیشتن بە دادپەروەریی و دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش.(٥) ئەگەر سەیرێکی ئەم بریارە بکەین، دەبینین هەرچەندە دواکەوتووە، بەڵام هەوڵێکی ئەرێنییە و لەوە باشترە کە نەبێت و ئەم تیمە بەغدای خستە بەردەم بریارێکی نێودەوڵەتی کە کاری لەگەڵدا بکات و هاوئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات، کە هەر لە یەکەم رۆژەکانی هێرشی داعش لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و دەستەیەکی لە دهۆك دامەزراند بۆ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و کارکردنی بەردەوام لەم بابەتە.(٦)

پێویستە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەر سێ دەسەڵاتەکەیەوە هەوڵبدات ئامادەکاریی پێویست بکات و رۆڵی کاریگەری هەبێت بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری لە قۆناغی دوای داعش و، هاوئاهەنگی پێویست بکات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ بەشداریی چالاك لە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی بریاری ٢٣٧٩ لەبەر ئەوەی ناوچەکانی ژێر تایبەتمەندیی دادوەریی حکومەتی هەرێم بۆ خۆیان شانۆی تاوانەکانی داعش بوون دەرهەق بە هەموو پێکهاتە و کەمینەکان.(٧)

---

(١) میثم محمد عبد ونغم عبد الحسين خليل وقاسم ماضي حمزة، التوصيف القانوني لجرائم تنظيم داعش، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية و السياسية، العدد الأول، السنة العاشرة، ٢٠١٨، ص ٤٨٨.

(2) Security Council, S/RES/2379 (2017), 21 September 2017.

(3) Zachary D.Kaufman, New UN Team Investigating ISIS Atrocities Raises Questions about Juctice in Iraq and Beyond, Please visits this website: https://www.justsecurity.org/45411/expect-team-investigating-isis-atrocities-iraq/last visited: 27/7/2023.

(٤) التقرير الأول عن أنشطة فريق التحقيق التابع لأمم المتحدة (يونيتاد)، متاح على الموقع الألكتروني التالي:
/https://www.unitad.un.org/sites/www.unitad.un.org/files/general/ltqryr_lwl__0.pdf/lastvisited: 15/8/2023.

(٥) کرمانج یونس عوسمان، تاوانەکانی داعش لە چوارچێوەی بژاردەکانی دادگایی کردن و گرنگی ئەرشیف کردندا، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢١، ل ٣٧.

(٦) سعود مصطو نجم، قرار مجلس الأمن ( ٢٣٧٩ ) ووجهة نظر قانونية، متاح على الموقع الالكتروني التالي:
https://www.rudawarabia.net/arabic/opinion/27082019/lastvisited: 27/7/2023.

(٧) د.احمد ميران، التعليق على قرار مجلس الامن (٢٣٧٩) بشأن محاسبة داعش حول الجرائم التي ارتكبته في العراق، متاح على الموقع الالكتروني التالي:
Investigator Organization for the Rule of Law | (facebook.com)/ last visited: 5/8/2023.

**٢-٢. ئاینده و ئەگەر و ئاستەنگەکانی پێکهێنانی دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان لە عێراق لەبەر رۆشنایی بڕیاری ٢٣٧٩**

لە ماوەی جەنگی دژ بە داعش ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی داعش لەلایەن دەوڵەتان و دەسەڵاتە جیاوازەکانەوە دەستگیر کراون، هەر دوو دەسەڵاتی دادوەری عێراق و هەرێمی کوردستان لانیکەم ٧٣٧٤ چەکداری داعشیان سزا داوە، بەڵام هەتا ئێستا کەسیان بە ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان سزا نەدراون.[١] هەر لەم بارەیەوە، رێکخراوی هیومەن رایتس واچ لە راپۆرتێکدا لەژێر ناوی (دادپەروەریی ناتەواو لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش لە عێراق) و هەروا نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (UNAMI) لە راپۆرتێکدا لەژێر ناوی (دادگاییکردنی داعش لەژێر تیشکی دادگاییکردنی تیرۆر)، نیگەرانی خۆیان لەسەر جۆر و شێوازی ئەو دادگاییکردنە دەربڕیوە، کە ئێستا لە عێراق دژ بە چەکدارانی داعش بەڕێوە دەچێت و بە لایەنگرانە و ناتەواو ناویان بردووە لەبەر نەبوونی یاسایەکی نیشتمانی کە ئەمجۆرە تاوانە نێودەوڵەتیانەی تێدا بگونجێندرێت، ئەمەش بە بەربەستێکی گەورە دادەنرێت بۆ راستکردنەوەی ئاراستەی دروستی ئەم دادگاییکردنە و، هەر دوو راپۆرتەکەش لەم بارەیەوە جەخت لەسەر پێویستیی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی دەکەنەوە.[٢] پێویستە بگوترێ، لە یاسای سزای نێودەوڵەتی هیچ تاوانێك بە ناوی تیرۆرەوە بوونی نیە و هەتا ئێستا بە تاوانێکی نێودەوڵەتی دانانرێت و، ناوهێنانی ئەم تاوانانە بە تیرۆر بچووككردنەوەی بابەتەکەیە و دەیکاتە کێشەیەکی لۆکاڵی و نیشتمانی لەسەر ئاستی عێراق.[٣]

لێرەدا، ئاماژە بەو بژاردانە دەکەین کە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش لە عێراق لەبەردەمماندا هەیە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم/ پێکهێنانی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت:** دەسەڵاتی پێکهێنانی ئەمجۆرە دادگایانە، پاڵپشت بە بەندی حەوتەمی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەسەر بنەمای پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش. هەربۆیە، ئەم بژاردەیە پێویستی بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشە و دەبێ لەلایەن هەر پێنج ئەندامی هەمیشەیی دەنگی لەسەر بدرێت بە بێ بەکارهێنانی ڤیتۆ وەك دادگاکانی تایبەت بە یوگوسلاڤیا و رواندا، کە ئەمەش کات و هەوڵ و بوودجەیەکی زۆری دەوێت، جگەلەمەش پێویستی بە پاڵپشتی و داواکاریی عێراق هەیە.[٤] هەوڵێکی زۆر درا بۆ پێکهێنانی دادگایەکی لەو جۆرە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش، بەجۆرێك بەرپرسانی پلە باڵای داعش لە دادگایەکی وەهادا دادگایی بکرێن و پلە مامناوەند و بچووکەکانیش رەوانەی دادگا ناوخۆییەکان بکرێن. هۆڵەندا و فەرەنسا بە جیا پرۆژەی دامەزراندنی دادگایەکی لەو جۆرەیان پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە کۆکردنەوەی پاڵپشتی پێویست و هەر هەوڵێکی تر لەم بارەیەوە پێویستی بە کۆدەنگیی ئەنجومەنی ئاسایش هەیە، کە رەنگە لەم کاتەدا هەر هەوڵێکی لەو جۆرە سەرکەوتنی پێویست بە دەست نەهێنێت.[٥]

**دووەم/ دادگای نێودەوڵەتی تاوان:** ئەم دادگایە، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە لە پەیڕەوی بنەڕەتی رۆما پێیدراوە تایبەتمەندە بە دادگاییکردنی تاوانەکانی جینۆساید، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ و تەنیا لەو تاوانانە دەپێچێتەوە کە پاش ١/تەمووزی/ ٢٠٠٢ روویانداوە.[٦] دادگای نێودەوڵەتی تاوان لە کارەکانی خۆیدا پشت بە بنەمای تەواوکاریی دەبەستێ، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەم دادگایە دەبێ وەك دوابژاردە پەنای بۆ ببرێت و دادگا پێش دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە، لەو بابەتە دەکۆڵێتەوە کە ئایا تۆمەتباران لە وڵاتی خۆیان دادگایی کراون یا نا و، دادگا بەگوێرەی بنەمای تەواوکاریی تەنیا کاتێك دەست بە لێکۆڵینەوە دەکات کە دەوڵەتی خاوەن تایبەتمەندیی ئارەزووی لێکۆڵینەوەی لەو بابەتە نەبێت یا خود توانای ئەنجامدانی ئەم کارەی نەبێت.[٧] بۆ کەڵکوەرگرتن لەم بژاردەیە، پێویستە یا عێراق ببێتە ئەندام لەم دادگایە بە واژۆکردنی لەسەر پەیڕەوی رۆما، یا خود عێراق داوا لە داواکاری گشتی دادگا بکات بۆ لیکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە دەکەونە چوارچێوەی تایبەتمەندیی دادگا، یا خود ئەنجومەنی ئاسایش بەگوێرەی بەندی حەوتەم لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان کەیسەکە رەوانەی داواکاری گشتی دادگا بکات.[٨] ئەم بژاردەیەش، چەندین ئاڵنگاریی لەبەردەمدایە وەك ئەگەری ڤیتۆکردنی لەلایەن ئەندامانی هەمیشەیی لەوانەش ئەمەریکا، رووسیا و چین کە ئەندامی دادگا نین، هەروا لەوانەیە ئەم بژاردەیە ململانێی نێوان شیعە و سوننە و تەنانەت کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەش قووڵتر بکاتەوە، بەدەر لەوەش عێراق هەتا ئێستا ئەندام نیە لەم دادگایە.[٩]

---

(1) Hawre Ahmed, Accountability for ISIS Fighters The Possibility of Prosecuting them beforean International Criminal Tribunal for Responsibility of Core International Crime , This Thesis Submitted in Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master of Arts (MA), Friedrich Alexander University Erlangen-Nuremberg, Aug 2020, p.6.

(٢) د.محمد رشيد وهاورى احمد، مقترحات في تعديل قانون المحكمة الجنائية العليا العراقية للتقاضي عن جرائم داعش، متاح على الموقع الالكتروني التالي: https://kc-interlaw.org/web/viewer.html?file=https://images.kc-interlaw.org/root/root/images/102712021_ISC%20proposal%20Arabic.pdf/lastvisited: 2023/7/25.

هيومن رايتس ووتش، عدالة منقوصة المحاسبة على جرائم "داعش" في العراق، متاح على الموقع الالكتروني التالي: https://www.hrw.org/ar/report/2017/12/05/311927/lastvisited: 16/7/2023.

(٣) كرمانج عثمان، خيارات تدويل الجرائم الدولية المرتكبة من قبل داعش، متاح على الموقع الالكتروني التالي: https://rudawrc.net/ar/article/xyarat-tduyl-alcram-alduly-almrtkb-mn-qbl-dash/lastvisted: 19/7/2023.

(٤) كرمانج عثمان، المصدر السابق.

(٥) هاورێ ئەحمەد، ئەگەرەکانی دادگاییکردنی داعش لەبەردەم دادگاییەکی نێودەوڵەتیدا، لەسەر ئەم ماڵپەڕەی خوارەوە دەبینرێت: https://kc-interlaw.org/KU/Detail.aspx?jimare=144/lastvisited: 3/8/2023.

(٦) د.محمدعلى اردبيلى، حقوق بين المللى كيفرى، ضاث دوم، نشر ميزان، تهران، ١٣٨٥، ص ٢٣.

(٧) محمدامين المهدي، المصدر السابق، ص ٢٠١. هةروا هاورِآ ئةحمةد، جينؤسايد و دادطاى نيَودةولَةتى تاوان، لةسةر ئةم مالَثةرِةى خوارةوة دةبينريَت: https://kc-interlaw.org/KU/Detail.aspx?jimare=217/lastvisited: 3/8/2023.

(٨) نظام روما الاساسي، تموز ١٩٩٨.

(٩) كرمانج عثمان، المصدر السابق.

**سێیەم/ دادگا تێکەڵاوە نێودەولەتییەکان:** سەبارەت بە تاوانەکانی داعش لە عێراق ئەگەری پێکهێنانی دادگایەکی تێکەڵاو هەیە، چونکە ئەم دادگایە سەرەڕای ئەوەی بەشێکە لە سیستەمی دادوەری عێراق لەهەمان کاتدا دەتوانێ سوود لە دادوەران و فەرمانبەرانی نێودەوڵەتیش وەربگرێت. بەهۆی فرەیی نەتەوەیی، ئایینی و نەژادی لە عێراق، پێکهێنانی ئەمجۆرە دادگایە گومان لەسەر سەربەخۆیی دادگا کەمتر دەکاتەوە و، لەو رەخنانە دووری دەخاتەوە کە کاتی خۆی ئاراستەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەکران. لە ئەگەری بوونی ویستی سیاسی لە عێراق، پێکهێنانی ئەمجۆرە دادگایە دەکرێت بە رێککەوتنێك لەنێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بێتەئاراوە و، پاشان ئەو رێککەوتنە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوەو پەسند بکرێت و پێکهاتەی دادوەران و فەرمانبەرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دادگاکە، بنەماکانی دادگاییکردن، ئەو تاوانانەی کە دەیگرێتەوە و جۆری سزاکان دیاری بکرێن. ئەم دادگایە، لەناو خاکی عێراقدا جێگیر دەبێت و سەروەریی ئەم وڵاتە پێشێل ناکات و دەبێتە هۆی ئەوەی دادگاکە لەو رەخنانە دوور بکەوێتەوە کە ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی دادگاییکردنی لەبەرچاو نەگرتووە.[1] ئەولەویەتی ئەم دادگایە، دەبێ خولقاندنی ناوبانگێکی دادوەریی باش بێت لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و نابێت دادگاییکردنەکە رواڵەتی بێت و ئەزموونی دادگای باڵای تاوانەکان دووبارە ببێتەوە، کە بەپێی وتەی پسپۆڕانی نێودەوڵەتی پێشێلکارییەکی زۆر لە رێکارەکاندا هەبووە، ئەمەش وایکردووە لەڕووی نێودەوڵەتییەوە متمانەی خۆی لەدەست بدات. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە گرنگییەوە لەم دادگاییکردنە دەڕوانێت هەربۆیە، پێویستە هەوڵبدرێت رێز لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بگیرێت لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن و، دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ و پیشەییانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکات.[2]

بەسەرنجدان بەو رەخنانەی کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە ئاراستەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کراون، هەربۆیە لە کاتی ئێستادا، باشترین میکانیزم بۆ دادگاییکرنی تۆمەتبارانی داعش دادگای تێکەڵاوی نێودەوڵەتییە، کە دوور دەکەوێتەوە لەلایەنە نەرێنییەکانی دادگا نێودەوڵەتییەکان و هەڵە و کەموکوڕییەکانی دادگا ناوخۆییەکان. بۆ ئەم مەبەستە، دەکرێ عێراق و نەتەوە یەکگرتووکان دەست بە گفتوگۆ بکەن بۆ گرێدانی رێککەوتنێکی تایبەت لەم بارەیەوە لەسەر شێوازی دادگاکانی تایبەت بە کەمبۆدیا و سیرالیۆن. رێگایەکی تر ئەوەیە، کە ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان هەندێ ژوور یا یەکەی تایبەت بە تاوان پێکبهێنن وەك ئەوەی کە لە تەیمووری رۆژهەڵات پێکهات.[3]

بژاردەیەکی دیکە بۆ پێکهێنانی دادگا تێکەڵاوەکان، کە لە گفتوگۆکانی بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی کوردستان لەگەڵ یونیتاددا باسی لێوەکراوە، هەموارکردنەوەی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٥ە بەجۆرێك کە لەگەڵ سروشتی تاوانەکانی داعشدا بگونجێنرێت و، بەرپرسان و ئەمیرەکانی داعش بگرێتەوە و لەسەر تاوانی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ دادگایی بکرێن و چەکدارانی تریش رەوانەی دادگا ناوخۆییەکان بکرێن. سەرەڕای هەوڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەم بارەیەوە، بەڵام دواجار بابەتەکە دەکەوێتە سەر بڕیاری سیاسی دەوڵەتی عێراق و روون نیە ئایا عێراق ئامادەیی ئەوەی تێدایە کە بڕیار لەسەر دامەزراندنی دادگایەکی لەو جۆرە بدات یا نا.[4]

لە دواگۆڕانکاریی لەم بوارەدا، پرۆژە یاسای (دادگای تاوانکاریی تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان– عێراق) لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرا. لە مادەی (١٢)ی پرۆژە یاساکەدا، باس لەوە کراوە کە دادگاکە تایبەتە بە دادگاییکردنی ئەندامانی عێراقی یا بیانی داعش کە یەك لە تاوانەکانی جینۆساید، تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگیان ئەنجام دابێت. هەروا بەپێی مادەی (٤) لەسەر پێشنیاری سەرۆکی دادگا، ئەنجومەنی دادوەریی دەتوانێ دادوەری بیانی شارەزا ئینتداب بکات لەوانەی کە شارەزاییان هەیە لە بواری ئەو تاوانانەی کە لە یاساکەدا هاتوون بە یارمەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لەوانەش نەتەوە یەکگرتووەکان.[5] بەڵام ئەم هەنگاوە کاردانەوەی لێکەوتەوە و وەزارەتی دەرەوەی عێراق پاڵپشت بە نووسراوی باڵوێزخانەی عێراق لە واشنتۆن، داوای بۆچوونی لە دادگای باڵای فیدراڵی کرد بۆ دەربڕینی بۆچوونیان دەربارەی ناکۆکبوونی دامەزراندنی ئەم دادگایە لەگەڵ دەستووری عێراقی، هەربۆیە دادگای باڵای فیدراڵی بە بڕیاریان ژمارە (٧١/اتحادية/٢٠٢١) لە ٢٠٢١/٦/١٣ بڕیاریدا بە نادەستووریبوونی دامەزراندنی ئەم دادگایە و ناکۆکبوونی لەگەڵ مادەی (٩٥)ی دەستوور کە دامەزراندنی هەرجۆرە دادگایەکی تایبەت و ریزپەڕی قەدەغە کردووە. هەروا دامەزراندنی دادوەرانی بیانی ناکۆکە لەگەڵ مادەکانی (٩٠) و (٩١) لە دەستووری عێراقی و پێشێلکردنی سەروەریی دەوڵەتی عێراقە.[6]

ئەوەی جێی سەرنجە، دادگای باڵای فیدراڵی لەم بڕیارەی خۆیدا لەڕاستیدا باسی لە نادەستووریبوونی پرۆژە یاسایەك کردووە، کە هێشتا نەبووەتە یاسا و ئەگەر بۆ دەسەڵاتەکانی دادگای ناوبراو بگەڕێینەوە لە مادەی (٩٣)ی دەستووری عێراقی دەبینین لە هیچکام لە بڕگەکانی دەسەڵاتی چاودێریی پێشوەختەی نیە، هەتا بڕیار لەسەر نادەستووریبوونی پرۆژە یاسایەك بدات و، دادگا بۆ خۆبواردنی لەو رەخنانە بە ئاشکرا لە بڕیارەکەی خۆیدا ئاماژە

---

(١) محمدخليل صالحي و محمد داوری، امکان سنجی اعضا و سران طروة داعش در محاکم کیفری ملی و بین المللی، مجلة اموزةهای حقوق کیفری، دانشطاة علوم اسلامی رضوی، شمارة ١١، بهار- تابستان ١٣٩٥، صص ١٥٢-١٥٣.

(٢) د.احمد ميران، المحاكمة عن الجرائم الدولية في اقليم كوردستان- العراق بين (الولاية و الاهلية و التكلفة) ، متاح على الموقع الالكتروني التالي: Ahmed Meran-المحاكمة عن الجرائم الدولية في اقليم كوردستان–... | Facebook/last visited: 5/8/2023.

(٣) د.محمد رشيد وهاوری احمد، المصدر السابق ، ص ٧.

(٤) هاوڕێ ئەحمەد، ئەگەرەکانی دادگاییکردنی داعش لەبەردەم دادگاییەکی نێودەوڵەتیدا، لەسەر ئەم ماڵپەڕەی خوارەوە دەبینرێت: https://kc-interlaw.org/KU/Detail.aspx?jimare=144/lastvisited: 3/8/2023.

(٥) پرۆژە یاسای دادگای تاوانکاریی تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان– عێراق.

(٦) قرار المحكمة الاتحادية العليا المرقم (٧١/اتحادية/٢٠٢١).

بەوە دەكات، كە ئەمە سەیركردنی پرۆژە یاسایەك نیە كە پێشكەش بە پەرلەمانی كوردستان كراوە، چونكە ئەمە بەدەرە لە دەسەڵاتەكانی ئەم دادگایە و، بڕیارەكە بابەتی دامەزراندنی دادگاكە لە هەرێم و دامەزراندنی دادوەران و داواكارانی گشتی ناعێراقی دەگرێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم پاساوەی دادگا لاوازە، چونكە جەوهەری یاساكە ئەو دوو بابەتەیە كە ئەو دەستی بۆ بردووە و دەتوانین بڵێین دادگا لەم بڕیارەدا لە چوارچێوەی دەسەڵاتەكانی خۆی لایداوە.

لەلایەكیترەوە، ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر داوای عێراق و بەپێی بڕیاری ٢٣٧٩ لە ساڵی ٢٠١٧ بڕیاریداوە بە پێكهێنانی تیمێك بۆ كۆكردنەوە و هەڵگرتنی بەڵگە تاوانییەكان پرسیارەكە ئەوەیە، ئەگەر عێراق بۆ خۆی بە بێ هاوكاریی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی، تەنانەت توانای كۆكردنەوەی بەڵگە تاوانییەكانی نەبێت، ئایا بە تەنیا توانای دەستگیركردن و لێكۆڵینەوە و دادگاییكردنی تۆمەتبارانی دەبێت، كە لەوانەیە هەندێكیان ئێستا لە عێراقیشدا نەبن؟ هەربۆیە، لەم خاڵەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە كە چارەسەری مامناوەندی و گونجاو بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری ئەوەیە كە عێراق بۆ لێكۆڵینەوە و دادگاییكردنی تۆمەتبارانی داعش كەڵك لە هاوكاریی و پاڵپشتی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەربگرێت، كە باشترین بژاردەش بۆ ئەم مەبەستە پێكهێنانی دادگا تێكەڵاوە نێودەوڵەتییەكانە، كە وێڕای رێزگرتن لە سەروەریی عێراق و شارەزایی پسپۆڕانی ناوخۆیی، لەهەمان كاتدا سوود لە توانا و شارەزاییە نێودەوڵەتییەكانیش وەردەگیرێت، كە ئەمەش وا دەكات متمانەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بە پرۆسەی دادگاییكردنەكە زیاتر ببێت. هەروا بڕیاری ٢٣٧٩ كردنەوەی دەرگایەكی نوێیە بەوەی كە چۆن قۆناغی كۆكردنەوەی بەڵگەكان بە هاوكاریی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەڕێوە دەچێت، بە هەمان شێوە قۆناغەكانی لێكۆڵینەوە و دادگاییكردنیش بە پاڵپشتی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەڕێوە بچێت.

**چوارەم/ دادگای نیشتمانی:** یەكێكی دیكە لە بژاردەكان بۆ دادگاییكردنی تۆمەتبارانی داعش پێكهێنانی دادگایەكی نیشتمانییە.

پرۆسەی دادگەری لە دادگاكانی عێراقدا رەخنەیەكی زۆری لێگیراوە و لەم رووەوە، هیومەن رایتس واچ لە چەند بۆنەیەكدا باسی لەو نادادپەروەرییانە كردووە كە لە دادگاكانی عێراقدا هەیە، جگەلەمەش ناوەندی جنیڤ بۆ دادپەروەریی نێودەوڵەتی لە چەندین كات و شوێنی جیاوازدا ئاماژەی بەوە كردووە كە لە دادگاكانی عێراقدا پرۆسەی دادپەروەریی لاوازە و پێوەرە نێودەوڵەتییەكانی مافی مرۆڤ رەچاو ناكرێن، بەدەر لەوەش یاسا سزاییەكانی عێراق سزای لە سێدارەدانی تێدایە كە ئەمەش بەردەوام جێی رەخنەی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بووە.[١]

ئەگەر بۆ ئەزموونی دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق بگەڕێینەوە، دەبینین كە بەپێی مادەی (٣/ پێنجەم) لە یاسای دادگای ناوبراو، رێگەدراوە بە ئەنجومەنی وەزیران بە ئینتدابكردنی دادوەرانی بیانی لەسەر پێشنیاری دادگا، ئەوانەی كە شارەزاییان لە بواری دادگاییكردن هەیە لەو تاوانانەی كە لەناو دەقی یاساكەدا هاتوون، بە هاوكاری كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لەوانەش نەتەوە یەكگرتووەكان.[٢] هەروا رێكخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ لە نامەیەكیدا لە ٢٣/ ئەیلوولی/٢٠٠٤ بۆ ئەیاد عەلاوی سەرۆكوەزیرانی ئەوكات وێڕای جەختكردنەوە لەو خاڵانەی سەرەوە، باس لەوە دەكات، كە دوورخستنەوەی دادوەران و داواكارانی گشتی نێودەوڵەتی لە دادگاكە بە واتای بێبەشكردنی دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق دێت لەو شارەزاییە زۆرەی كە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ماوەی دەیەی رابردوو بەدەستیهێناوە.[٣] جگەلەمەش دادگاكە كەوتە بەر چەندین رەخنەی تر لەوانەش:

١- نەبوونی هیچ دەقێك بۆ گەرەنتیكردنی مافەكانی تۆمەتباران لە قۆناغەكانی لێكۆڵینەوەی سەرەتایی و پرساندن.
٢- گونجاندنی هەندێ تاوانی ناترسناك لەناو دەقی یاسای دادگاكە.
٣- نەبوونی هیچ دەقێك لەسەر شیاویی یاسایی تەمەنی تۆمەتباران بۆ دادگاییكردن.
٤- نەبوونی هیچ دەقێك بۆ سەلماندنی تاوان بەر لە دەرچوونی بڕیاری ئیدانەكردن.
٥- قەدەغەنەكردنی دادگاییكردنی پاشملە و سزای لەسێدارەدان.
٦- پشتبەستن بە یاسای سزای عێراقی كە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەكاندا ناگونجێت.
٧- نەبوونی هیچ دەقێك لەسەر بێلایەنی و سەربەخۆیی دادوەران و داواكارانی گشتی.
٨- بەكارنەهێنانی زمانی كوردی لە دادگاكان، لەكاتێكدا زمانی فەرمییە لە عێراقدا و بەشێكی زۆری تاوانەكان بەرامبەر بە كوردەكان ئەنجامدرابوون.[٤]

لەم بەشەدا، پاش خستنەڕووی هەموو بژاردەكان بۆ دادگاییكردنی تۆمەتبارانی داعش بۆمان دەركەوت، باشترین بژاردە پێكهێنانی دادگایەكی نێودەوڵەتی تێكەڵاوە، بەڵام لەهەمان كاتدا ئەم بابەتەش بێ ئاستەنگ نیە و پێویستی بە ویستی سیاسی دەوڵەتی عێراق هەیە.

---

[١] ئاری مەحموود، چۆن مامەڵەیەكی یاسایی لەگەڵ داعش بكەین؟، لەسەر ئەم ماڵپەڕەی خوارەوە دەبینرێت:
https://kc-interlaw.org/KU/Detail.aspx?jimare=165/lastvisited: 3/8/2023.

[٢] قانون المكمة الجنائية العليا العراقية رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٥.

[٣] منظمة هيومن رايتس ووتش، معالي رئيس الوزراء الدكتور اياد علاوي، متاح على الموقع الالكتروني التالي:
https://www.hrw.org/ar/news/2004/09/23/228324/lastvisited: 4/8/2023.

[٤] د.امجد هيكل، المسئولية الجنائية الفردية الدولية أمام القضاء الجنائي الدولي، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٨، ص ٤٣٢-٤٣٤.

## کۆتایی

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە چەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەك کە بەمجۆرەی خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

### یەکەم/ ئەنجامەکان

١) دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان، میکانیزمێکی نوێن و بەرهەمی گەشەکردنی سیستەمی سزایی نێودەوڵەتییە، لەهەمان کاتدا باشترین بژاردەیە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش، چوونکە ئەم دادگایانە نابنە هۆی پێشێلکردنی سەروەریی دەوڵەتی عێراق و، لەهەمان کاتدا پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە ڕەچاو دەکرێت. دامەزراندنی ئەم دادگایە دەکرێ بە ڕێککەوتنی نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بێت.

٢) دەرچوونی بڕیاری ٢٣٧٩ی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دامەزراندنی تیمی کۆکردنەوە و پاراستن و هەڵگرتنی بەڵگەکانی تایبەت بە تاوانەکانی داعش لە عێراق (یونیتاد) بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەنگاوێکی گرنگ و ئەرێنی بوو و، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ویستی هەیە لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعشیش بەشداریی کارای هەبێت.

٣) گەیشتن بە دادپەروەری و سزادانی تۆمەتبارانی داعش لە چوار بژاردەدا خۆی دەبینێتەوە کە بریتین لە: دادگای نێودەوڵەتی تایبەت، دادگای نێودەوڵەتی تاوان، دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان و دادگا نیشتمانییەکان.

٤) ڕەوانەکردنی کەیسی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش بۆ دادگای نێودەوڵەتی تاوان یا دامەزراندنی دادگای تایبەت بۆ ئەم مەبەستە پرۆسەیەکی ئاسان نیە و چەندین بەربەستی یاسایی و سیاسی لەبەردەمیدا هەیە. هەروا دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کەوتە بەر ڕەخنەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، هەربۆیە دەوڵەتی عێراق نابێ لە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش ڕێگە بە دووبارەکردنەوەی ئەو هەڵانە بدات.

٥) تاوانەکانی داعش لە عێراق وەك جینۆساید، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ تاوانی نێودەوڵەتین، هەربۆیە ئەم تاوانانە هەڕەشەن بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕەهەندی نێودەوڵەتییان هەیە و دەبێ لە کاتی دادگاییکردنی تۆمەتباران ئەو ڕەهەندە فەرامۆش نەکرێت بۆ ئەوەی دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەبێت.

٦) دادگا تێکەڵاوە نێودەوڵەتییەکان بەدەر لەوەی کە گواستنەوەی ئەزموون و شارەزایی نێودەوڵەتییە لە بواری دادوەریی نێودەوڵەتی بۆ ناوخۆی عێراق، لەهەمان کاتدا باشتر دەتوانێ سەربەخۆیی و بێلایەنیی دادگاش بپارێزێت.

### ڕاسپاردەکان

١- بەو پێیەی بەشێکی گرنگی تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستاندا ڕوویانداوە، پێویستە هەرێم بەشدارییەکی کارای هەبێت لە قۆناغەکانی کۆکردنەوەی بەڵگەکان، لیکۆڵینەوە و دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش. وا باشە، حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق دەست بە گفتوگۆ بکەن بۆ داڕشتنی ستراتیژێکی نیشتمانی بە مەبەستی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش بە هاوکاریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

٢- هەوڵبدرێت بە ئاراستەی پێکهێنانی دادگایەکی تێکەڵاوی نێودەوڵەتی، چونکە بژاردەیەکی واقیعیترە و ئەگەری سەرکەوتنی لە بژاردەکانی دیکە زیاترە.

٣- پێشنیار دەکەین کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەوانەش نەتەوە یەکگرتووەکان، لە قۆناغەکانی لیکۆڵینەوە و دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش بەشداریی کارایان هەبێت.

٤- هەوڵبدرێت بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت لە ئەنجومەنی نوێنەرانە عێراق بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تێکەڵاوی نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش کە تاوانە نێودەوڵەتییەکان لەخۆبگرێت. هەروا مادەیەکی وای تێدا بێت کە دادگا بتوانێ کەڵك لە بڕیاری دادگا هاوشێوەکان وەك دادگاکانی کەمبۆدیا، لوبنان، کۆسۆڤۆ و هتد وەربگرێت.

٥- دادگەریی بەرامبەر تاوانلێکراوان و قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوییان بەشێکی گرنگی پرۆسەی دادپەروەریی ڕاگوزارییە، کە پێویستە دەوڵەتی عێراقی پێوە پابەند بکرێت و بە هاوکاریی عێراق و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سندووقێکی تایبەتی بۆ دابمەزرێت.

٦- بەوپێیەی عێراق و ناوچەکە بەردەوام گۆڕەپانی جەنگ و ململانێی ناوخۆیی و نێودەوڵەتین، هەربۆیە پێویستە سیاسەتێکی سزایی پێشگیرانە بگیرێتەبەر و لەم پێناوەدا هەوڵبدرێت بۆ بە ئەندامبوونی عێراق لە دادگای نێودەوڵەتی تاوان (ICC).

٧- هەوڵبدرێت بۆ دروستکردن و وروژاندنی ڕای گشتی نێودەوڵەتی سەبارەت بە تاوانەکانی داعش و دروستکردنی گوشار لەسەر حکومەتی عێراق بۆ پەلەکردن لە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ بە زمانی کوردی**

**أ) کتێبەکان:**

١) كرمانج یونس عوسمان، تاوانەکانی داعش لە چوارچێوەی بژاردەکانی دادگایی کردن و گرنگی ئەرشیف کردندا، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢١.

**ب) یاساکان:**

٢) پرۆژە یاسای دادگای تاوانکاریی تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان– عێراق.

**ت) سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

٣) ئاری مەحموود، چۆن مامەڵەیەکی یاسایی لەگەڵ داعش بکەین؟، لەسەر ئەم ماڵپەڕەی خوارەوە دەبینرێت:
https://kc-interlaw.org/KU/Detail.aspx?jimare=165/last visited: 3/8/2023.

٤) هاوڕێ ئەحمەد، جینۆساید و دادگای نێودەوڵەتی تاوان، لەسەر ئەم ماڵپەڕەی خوارەوە دەبینرێت:
https://kc-interlaw.org/KU/Detail.aspx?jimare=217/last visited: 3/8/2023.

٥) هاوڕێ ئەحمەد، ئەگەرەکانی دادگاییکردنی داعش لەبەردەم دادگاییەکی نێودەوڵەتیدا، لەسەر ئەم ماڵپەڕەی خوارەوە دەبینرێت:
https://kc-interlaw.org/KU/Detail.aspx?jimare=144/last visited: 3/8/2023.

**دووەم/ بە زمانی عەرەبی**

**أ) کتێبەکان:**

٦) د.امجد هيكل، المسئولية الجنائية الفردية الدولية أمام القضاء الجنائي الدولي، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٨.
٧) محمدامين المهدي، المدخل لدراسة القانون الدولي الجنائي، دارالنهضة العربية، القاهرة، ٢٠١١.
٨) د.يوسف حسن يوسف، المحكمة الدولية، الطبعة الاولى، المركز القومي للاصدارات القانونية، القاهرة، ٢٠١١.

**ب) نامەی ماستەر و دکتۆرا:**

٩) ناظور نجاة، المحاكم الجنائية الدولية الخاصة سيراليون نموذجا، رسالة ماستر، المركز الجامعي الونشريسي (تيسمسيلت)، الجزائر، ٢٠١٧-٢٠١٨.

**ت) وتار و توێژینەوەی زانستی:**

١٠) د.سماتي حكيمة، المحكمة الخاصة لسيراليون كالية لتجسيد مفهوم العدالة الانتقالية، المجلة الجزائرية للعلوم القانونية، السياسية والاقتصادية، المجلد: ٥٧، العدد: ٠١، ٢٠٢٠.
١١) طيبة جواد حمد المختار، دور اللجنة الدولية للصليب الاحمر في تنفيذ قرار مجلس الامن رقم ٢٣٧٩ لعام ٢٠١٧، مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانية، المجلد ٣٠، العدد ٤، ٢٠٢٢.
١٢) د.عامر عبدالفتاح الجومرد ود.عبدالله علي عبو، المحاكم الجنائية المدولة، الرافدين للحقوق، مجلد ٨، السنة الحادية عشرة، عدد ٢٩، ٢٠٠٦.
١٣) قهرمان عثمان محمود وبريار شيركو عبدالكريم بابان، دور مجلس الامن في محاكمة اعضاء داعش، مجلة قةلآى زانست العلمية، المجلد (٥)، العدد (٢)، اربيل، ربيع ٢٠٢٠.
١٤) ميثم محمد عبد ونغم عبدالحسين خليل وقاسم ماضي حمزة، التوصيف القانوني لجرائم تنظيم داعش، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد الأول، السنة العاشرة، ٢٠١٨.

**پ) یاساکان:**

١٥) قانون المحكمة الجنائية العليا العراقية رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٥.
١٦) قرار المحكمة الاتحادية العليا المرقم (٧١/اتحادية/٢٠٢١).

**ج) سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

١٧) د.احمد ميران، المحاكمة عن الجرائم الدولية في اقليم كوردستان – العراق بين (الولاية و الاهلية و التكلفة)، متاح على الموقع الالكتروني التالي:
Ahmed Meran - المحاكمة عن الجرائم الدولية في اقليم كوردستان –... | Facebook/lastvisited: 5/8/2023.
١٨) د.احمد ميران، التعليق على قرار مجلس الامن (٢٣٧٩) بشأن محاسبة داعش حول الجرائم التي ارتكبته في العراق، متاح على الموقع الالكتروني التالي:
Investigator Organization for the Rule of Law| (facebook.com)/last visited: 5/8/2023.
١٩) التقرير الأول عن أنشطة فريق التحقيق التابع لأمم المتحدة (يونيتاد)، متاح على الموقع الألكتروني التالي:

/https://www.unitad.un.org/sites/www.unitad.un.org/files/general/ltqryr_lwl__0.pdf/lastvisited: 15/8/2023.
٢٠) سعود مصطو نجم، قرار مجلس الأمن ( ٢٣٧٩ ) ووجهة نظر قانونية، متاح على الموقع الالكتروني التالي:
https://www.rudawarabia.net/arabic/opinion/27082019/last visited: 27/7/2023.
٢١) كرمانج عثمان، خيارات تدويل الجرائم الدولية المرتكبة من قبل داعش، متاح على الموقع الالكتروني التالي:

https://rudawrc.net/ar/article/xyarat-tduyl-alcram-alduly-almrtkb-mn-qbl-dash/lastvisited: 2023/7/25.

٢٢) د.محمد رشيد وهاورى احمد، مقترحات في تعديل قانون المحكمة الجنائية العليا العراقية للتقاضي عن جرائم داعش، متاح على الموقع الالكتروني التالي: https://kc-interlaw.org/web/viewer.html?file=https://images.kc-interlaw.org/root/root/images/102712021_ISC%20proposal%20Arabic.pdf/lastvisited: 2023/7/25.

٢٣) منظمة هيومن رايتس ووتش، معالي رئيس الوزراء الدكتور اياد علاوي، متاح على الموقع الالكتروني التالي: https://www.hrw.org/ar/news/2004/09/23/228324/last visited: 4/8/2023.

٢٤) هيومن رايتس ووتش، عدالة منقوصة المحاسبة على جرائم "داعش" في العراق، متاح على الموقع الالكتروني التالي: https://www.hrw.org/ar/report/2017/12/05/311927/lastvisited: 16/7/2023.

**فارسى**

**أ) كتێبەكان:**

٢٥) احمد رضا توحيدى، تحول و تكامل حقوق بين الملل كيفرى (جلد اول) از جنگ جهانى اول تا ديوان بين الملل كيفرى، مركز **مطبوعات** و انتشارات قوه **قضائية**، تهران، ١٣٩٩.

٢٦) سارا بلخى و فريده ازادبخت، محاكم كيفرى بين المللى: بررسى دادگاه ويژه سيرالئون: مبانى، دستاوردها و چالشها، انتشارات نيسا، تهران، ١٣٩٣.

٢٧) كريانگساك كيتيچايسارى، حقوق كيفرى بين المللى، ترجمه: حسين اقايى جنت مكان، انتشارات دانشور، تهران، ١٣٨٢.

٢٨) د.محمدعلى اردبيلى، حقوق بين المللى كيفرى، چاپ دوم، نشر ميزان، تهران، ١٣٨٥.

**ب) وتار و توێژینەوەی زانستی:**

٢٩) امير حسين رنجبريان و مهديه ملك الكتاب خيابانى، دادگا ويژه سيرالئون: فرايند تشكيل، صلاحيت و مقابله با بى كيفرمانى، مجله حقوقى بين المللى، سال بيست و هفتم، شماره ٤٣، تهران، ١٣٨٩.

٣٠) **بهزاد رضوى فر** و محمد فرجى، تشكيل دادگا بين المللى شده (**مختلط**) كامبوج، مبانى و چالش **ها**، مجله حقوقى بين المللى، دوره سى وچهارم، شماره ٥٧، پاييز– زمستان **١٣٩٦**.

٣١) حسين ميرمحمد صادقى و على رحمتى، دلايل و مبانى حقوقى تاسيس دادگاههاى كيفرى **مختلط** (بين المللى شده) از **منظر** داخلى و بين المللى، مجله پژوهش حقوق كيفرى، سال **هفتم**، شماره بيست و پنجم، زمستان ١٣٩٧.

٣٢) شهلا **معظمى** و پيمان نماميان، نسل سوم محاكم كيفرى بين المللى دستاوردها، **منجارها** و چالش ها، مجله پژوهش حقوق كيفرى، سال سوم، شماره يازدهم، تهران، تابستان ١٣٩٤.

٣٣) محمدخليل صالحى و محمد داورى، امكان سنجى **اعضا** و سران گروه داعش در محاكم كيفرى ملى و بين المللى، مجله **اموزههاى** حقوق كيفرى، دانشگاه علوم اسلامى **رضوى**، شماره ١١، بهار– تابستان ١٣٩٥.

**چوارەم/ بە زمانی ئینگلیزی**

**أ) كتێبەكان:**

34) Office of the United Nations High Commissioner for Human Rights (OHCHR), Rule-Of-Law Tools for Post-Conflict States Maximizing the legacy of hybrid courts, New York and Geneva, 2008.

**ب) نامەی ماستەر و دكتۆرا:**

35) Hawre Ahmed, Accountability for ISIS Fighters The Possibility of Prosecuting them beforean International Criminal Tribunal for Responsibility of Core International Crimes, This Thesis Submitted in Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master of Arts (MA), Friedrich Alexander University Erlangen-Nuremberg, Aug 2020.

**ت) وتار و توێژینەوەی زانستی:**

36) Etelle R.Higonnet, Restructuring Hybird Courts: Local Empowerment and National Criminal Justice Reform, Arizona Journal of International & Comparative Law Vol. 23, No.2, 2006.

37) Maria Stefania Cataleta, The Kosovo Specialist Chamber, an International Tribunal Inside the National Judicial System, Journal of International Criminal Law, Vol.3, 2022, p.4.

38) Sarah M.H.Nouwen, 'Hybrid courts' The hybrid category of a new type of international crimes courts, Utrecht Law Review, Volume 2, Issue 2 (December) 2006.

**پ) یاسا و بڕیارەكان:**

39) Security Council, S/RES/2379 (2017), 21 September 2017.

ج) سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:

40) Introduction to the EEEC, Please visit this website: https://www.eccc.gov.kh/en/introduction-eccc/lastvisited: 5/8/2023.

41) KOSOVO SPECIALIST CHAMBERS & SPECIALIST PROSECUTOR'S OFFICE, The Kosovo Specialist Chambers in a Nutshell, please visit this website: efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://www.scp-ks.org/sites/default/files/public/content/220819_ksc_in_a_nutshell_a5_eng_online.pdf/lastvisited: 9/8/2023.

42) Zachary D.Kaufman, New UN Team Investigating ISIS Atrocities Raises Questions about Juctice in Iraq and Beyond, Please visits this website: https://www.justsecurity.org/45411/expect-team-investigating-isis-atrocities-iraq/lastvisited: 27/7/2023.